خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت، یان دەسەڵاتی بە هەر فەرمانڕەوایەک بەخشی بێت؛ ئەوا دوو کۆمەڵ ڕاوێژکاری هەبووە: کۆمەڵێک فەرمانی چاکەی پێدەکەن وهانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی، وکۆمەڵێکی تر فەرمانی خراپەی پێدەکەن وهانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی

لە ئەبی سەعیدی خودری وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت، یان دەسەڵاتی بە هەر فەرمانڕەوایەک بەخشی بێت؛ ئەوا دوو کۆمەڵ ڕاوێژکاری هەبووە: کۆمەڵێک فەرمانی چاکەی پێدەکەن وهانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی، وکۆمەڵێکی تر فەرمانی خراپەی پێدەکەن وهانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی، وپارێزراو ئەو کەسەیە کە خودا بیپارێزێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت یان دەسەڵاتی بە هەر فەرمانڕاوەیەک بەخشی بێت ئەوا دوو کۆمەڵ لە ڕاوێژکاری هەبووە: کۆمەڵێک فەرمانی خێر وچاکەی دەکەن وئامۆژگاری دەکەن وهانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی خێر وچاکە، وکۆمەڵێک فەرمانی شەڕ وخراپەی پێدەکەن وهانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی شەڕ وخراپە، وپارێزراو ئەو کەسەیە کە خودا بیپارێزێت لە کاریگەری ئەو کۆمەڵەی فەرمانی شەڕ وخراپەی پێدەکەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3012